# پەرەگرتنی نارەزایەتی کۆمەڵایەتی لە ئێران

بێهرۆز


(KOSOOF, COM)

سالی١٣٨٥تێ پەڕی و بەهاتنی سالی نوێ سروشت ڕەنگێکی دیکەی بەخۆەبینی. خاکەلێوە دەرووی بۆ لێ قەوماوان کردووە و داروگیاوگژو، خزۆك و پیرۆك هەناسەیان هاتەوەبەرو بەئاواتی ژیانێکی نوێ لە ژیان هەڵبوونەوە. گۆران لە کۆمەڵگای ئێراندا، بێجگەلە هاواری نارەزایەتی و ماف و ویستی کرێکاران و مامۆستایان و ژنان و دانشجویان شتێکی دیکە نەبوو. زۆربەی خەڵکی لێ قەوماو بێ بەشی کوردستان و ئێران، کاسەی سەبریان لەناعەدالەتی و ستەمێك کە لێیان دەکرێ، پڕبووە و بە زمان هاواردەکەن بۆچی ئێمەتان موحتاجی نان و جل وبەرگ و داودەرمان و خانو کردوە، بۆچی باروودخی ژیان و حەیاتی مادی ئێمەبەقوڕدا دەبەن و مافی ژیان لە ئێمە دەستێنن؟ کرێکارانی بێ بەش بەتایبەت لە کوردستان، هاواردەکەن کە بۆچی کارگاییێك کە کاری تێدابکەین دەست ناکەوێ تانانی خانەوادەکانمانی تێدادەربێنین.ئەوانەش کەکەم تازۆر کاریان دەست کەوتوە بەبیانووی جۆراو جۆرموچەیان نادەنێ و ئەمرۆسبەیان پێ دەکەن. مامۆستایان کەدوونۆبەکاردەکەن لە رۆژدا و لەژێر کاری قورسدا پشتیان چەماوەتەوە، لەوجیاوازی دانانەی کە لە بەرانبەریان دا دەکرێ، تورەن و لەکۆتای مانگی رەشەممەی سالی رابردووە تاهەنوکە دەنگیان هەڵبرێوە و بەشیعاری (مەجلیس بەاین بی غیرتی هرگز ندیدە ملتی وەزیری کفایت استعفا استعفا، زندگی انسانی حق مسلم ماست، معلم بیداراست ازتبعیض بیزاراست، تاحق خودنگیریم آرام نمی نشنیم) تەنگیان بەرژیم هەڵچنیووە. مامۆستایانی ژن، ژنانی دانشجو، کارمەندانی ژن، ژنانی کرێکارو ژنانی بێکار، بەهۆی ژن بوونیان، ستەمی دووقاتیان لەسەرە لەکۆتای سالی سالی١٣٨٥وە تاهەنوکە کەمانگی خاکەلێوەیە چەندین جوولەی مانداریان لەخۆیان نیشان داوە. هاووکات دانشجویانی ئاگاو قارەمانی وەڵات کوویژدانی بە ئاگای کۆمەڵگەی ئیران نوێنەرایەتی دەکەن، ئیتر نەداواییێکیان لە دەسەڵاتی ئیران هەیە و نەئامادەن لەگەڵیان و ووتوویژو گوییان بۆ رادێرن. دیاردەی فەقیری لە ئیران لەحالی پەرەسەندن دایە، بەوپێوانە داهاتی سەرانەی ئیران لە دیدگای جۆراوجۆرەوە لە نێوان ٢٥تا٣٠لەسەدەو لە داهاتی سەرانەی ٢٨سالی لەوەپێش کەمتربووە و ئیران لە رابردوو فەقیرتربووە. شتێك کەبۆتەهۆی دارمانی ئابووری و سەرهەڵدانی دیاردەی فەقرلەخانەوادەکان دا، ئەمانەن ١ــ دابەشکردنی ناعادیلانەی داهاتی نەتەوەی ٢ــ هەلاوسانی چارەسەر نەکراوکە هێزی کرین و فرۆشتنی و پێداویستی خەڵکی کەم کردۆتەوە. بەپێی راپۆرتێکی سەرچاوەیەکی دەرەوەیی داهاتی ئێران لەسالی رابردووی میلادی دا ١٩٤/٨ملیارد دولار بووە کەنزیك بە٦٥ملیارد دولاری دەوڵەت هەلیگرتووە واتە ٣٠ لەسەدی ئەو داهاتە لە رێگای نادیاردا خەرجی کردوە. خانەوادەکانی ئێران بەتێکراو کوردستان بەتایبەتی بەشێوەیێکی زۆر نابەرانبەرانە لەو پاشماوە داهاتە بەهرەمەندکراون. ئەگەر راپۆرتی فەرمی پێوەند بە سەرچاوەی دابەش کردنی داهات بگێرنەوە بۆ سالی کۆچی خۆری١٣٧٥، نزیك٤٠لەسەدی پاشەکەوتی داهاتی ئێران کە١٠لەسەد واتە ٧ملیون کەس دەگرێتەوە، ژیانی خۆشیان پێ رابواردوە. وەبەشی ١٠لەسەدی واتە (٧ملیون کەس) بێ بەشن کە ، تەنیا ٤/١لەسەدی ئەوداهاتەیە. بەپێی لێکۆلینەوەی کارناسانی مەسائلی ئابوری کەلە پێوەند بەهەژاری ئەنجامیان داوە، خانەوادەییکی ٥کەس لەئوستانێکی وەکو سیستان و بلوچستان لەسالی ١٣٨٣دا بە ١٧١هەزارو ٨٥٦تمەن، توانیویەتی بەلانی کەم پێداویستیەکان دابین بکا. ئەوە بۆ کوردستانیش بە٢١٦هەزار تومان و بۆئوستانی فارس ٢٤٤هەزار و ٥٨٤تومان و ئیسفەهان ٢٨٣هەزار و ٦١١تومەن دیاری کراوە. فەقیری و بێکاری لە ئێراندا کێشەیەکی میللی و گەورەیە. دەوڵەت کەبەرێوەبەری ئابوری و سیاسی ئیرانی لە دەستدایە.لێپرسراوی ئەو وەزعە شێریوەیە. بەلام بەوهۆیانەی خوارەوە دەوڵەتی پاسداران بێ توانایە وناکۆکی و سەرپێچی رژیمی ئێران لەگەڵ جامیعەی جیهانی و لە ناوخۆ ، بەکردەوە شەری دەرەوە و ناوخۆی دەست پێ کردوە. رژیم بۆپاراستنی ئەمنیەتی خۆی، تەنانەت هێندێك لە رێ و شوێنەکانی قانوونی بنەرەتی خۆی ژێر پێ خستووە، بۆ وێنە لەیاسای ناسراوبە(چشم انداز ٢٠ساله) و بەرنامەی پنجساله چهارم) ئۆرگانەکانی یاسایی ئەورژیمە بە قازانجی دەزانن و ئەو قازانجە پەسەند دەکەن کەدەوڵەت بەستراوەیی هەزێنەی رابردووی خۆی لە داهاتی رووله کۆتایی نەووت سالانە ١٠لەسەد کەم بکا، بەلام حکومەت کە بەرێوەبەری سیاسی ئەمنیەتیە، لەگەڵ مەنتیقی ئەمنیەتی، قازانج دەبینێ کە خەرجی خۆی لەداهاتی نەووت بەرێتە سەر و زیادی بکا، یان کۆگای قازنجی نیزام و رێبەری نیزام وا بەقازنجی دەزانن بەشێك لە سەهامی شیرکەتەکانی دەوڵتی بدەن بەبەشی غەیرە دەوڵەتی ٣ــ نەهێشتنی مەسەئەلەی فەقیری لە ئیران بەستراوەتەوە بە گۆران و چاك کردنی سیستمەکان، یاساو موناسباتی ئابووریــ کۆمەڵایەتی، کە پێك هێنەریەتی . سیستمەکان و پیوەندی ئابووریــ کۆمەلایەتی رابردوو ئیستا لە ئیران بەنۆبەی خۆی ئاکامی بەرێوەبەری سیاسی تایبەت بە نیزامی و ویلایەتی فەقێ یە. بە جۆرێکی دیکە نیزامی حکوومەتی ویلایەتی فەقێ سیستمەکان و پیوەندی ئابووری و کۆمەلایەتی تایبەت بە خۆی پێك هێناوە و لەگەڵ سیستمەکانی دیکە ناتوانێ وەك یەك بێ و بمێنێتەوە. بەو پێیە رێگای ریفۆرم و چاك کاری لەو نیزامەدا بەستراوە و سیستمی تایبەتی ویلایەتی فەقێ ریفۆرم قەبول ناکا.سێ لەسەدی نەهێشتنی فەقیری لە ئیران بەوەوە بەستراوەتەوە کە دەوڵت و هیأتی بەرێوەبەر لەگەڵ هەمووی خەڵك، خانەوادەکان و دامەزراوەکان، پێوەندی سیاسی و مالی بێ جیاوازیدانی هەبێ.بەلام کە بەردی بناغەی بەرێوەبەری ئەو نیزامە لەسەر جیاوازیدان دانراوە. لەسەروترین رادەو دەسەلات و ئیمتیازات دراوە بەرێبەری نیزام .لەبەشەکان دیکەدا هێزەکانی ناو خۆیی، پاسداران و بەسیجەکان لە بەشداری کردن لە ئیمکاناتی مالی و راهێنان و هتد... بەسەرباقی کەسانی دیکە و پێك هاتەکانی دەستیان رادەگاو دەیاندرێتێ . یەك لەو هۆیانەی کە ئەو رژیمە ناتوانێ نیزامی دابین گەری کۆمەڵایەتی هەمەلایەنە و گشتی پێك بێنێ و هەموو خانەوادەکانی ئێرانی بخاتە ژێرکۆنترۆلی و سێبەری مالی خۆیەوە، ئەو جیاوازی دانەیە کەبەرانبەر بە کۆمەڵگەی ئیران بەرێوەی دەبا. بەو هۆیەوە یە کە دەبینین بۆ ئامانجێکی هاوبەش کە بەروالەت ئیمکاناتی دەوڵەت دابەش دەکەن، جۆرەها دامەزراوەیان وەکو کومیتەی ئیمداد ، سازمانی بێهزیستی ، وەزارەتی رووفاە، کاروباری دابین کردنی کۆمەڵایەتی و سازمانی بیمەکانی کۆمەڵایەتیان پێك هێناوە و ناتوانن ئەوانە یەك بخەن و نیزامی دابین گەری کۆمەڵایەتی هاوبەش لەگەڵ زەوابیتی دابین گەری بەرانبەر و بۆ هەمووان پێك بێنن تا ئیمکانات لەنێوان هەموو خەڵك و خانەوادەکان دابەش بکەن. ئەو نەوعە سیستمەکاریەی دەسەلاتداریی نەخۆشی و لاوازی ئابوری وەلات کەبەستراوەتەوە بەنەوت، توندتر دەکات و لەلایەکی دیکەوە لەگەڵ توندبوونی هەلاوسان و ناهێمنی سیاسی، سەرمایەدانانی ناوخۆی و دەرەوەی بە گورجی کەم دەکات. کە ئەوە دەبێتە هۆی ئەوەی توانای بەرهەم هێنانی ئابوری بەرەو خوار بچێ و ئابووری وەلات لاوازتر بێ.

****

# خانەوادەی رەفسە نجانی لە شیرکەتی تۆتال بەرتیلیان وەرگرتوە



یەکێك لە لێپرسراوانی شیرکەتی تۆتاڵ، کە لێپرسینەوەی کە لەگەڵ کراوە ، دیانی پێداناوە کە ئەوشیرکەتە، بۆ ئیمزاکردنی بەلێن دەرایەتی بەرتیلی دەیان ملیون دۆلاری داوە بەخانەوادەی رەفسەنجانی، بە پێی راپۆرتی هەوالدەری ئاسۆشیتدپرس لێپرسراوانی رەسمی دادگوستەری فەرانسە،رایانگەیاندوە کە کریستۆف دمارژی، بەرێوەبەری شیرکەتی توتاڵ کەبەدانی بەرتیل بەلێپرسراوانی رژیم تاوانبار کراوە، مۆڵەتی پێوەندی گرتنی لەگەڵ رەفسنجانی مهدی کورە بچووکی ناوبراوی نیە. لە دوای ٢٤سەعات دەست بەسەری و لێکۆلینەوەی سەرەتایی لەبەرێوەبەری شیرکەتی نەوتی تۆتالی فەرانسە،( فلیپ کوروا) لێکۆلەری ئەو ئەوپەروەندە رۆژی هەینی ٣ی خاکەلێوە، رایگەیاند کە بەرێوەبەری شیرکەتی توتال کەوتۆتە ژێر لیکۆلینەوە و دواتر پەروەندەکەی بۆ محکەمە کردنی دەکرێتەوە. بە ئامانجی تەزمینی وەدەست هێنانی قەراردادی پەرەپێدانی مەیدانی گازی پارسی باشور، برێك پارەی لە سالی ١٩٩٧ی میلادی داوە بە لیپرسراوانی رژیمی ئاخوندی، بەلام ئەوەی کە زیاتر سەرنج راکێش بوو ناوی یەکەم بەرتیل خۆری شیرکەتی توتال ئاشکرا بوو. ئەوە یەکەم جارنیە کە لەوەلاتانی ئوروپایدا ناوی مهدی هاشمی لە پەروەندەییکی فەسادی مالی لە پێوەند لەگەڵ پرۆژەی پەرەپێدانی مەیدانی گازی پارسی باشوور دیتە بەرباس. بەرلەوە نورویژیش شیرکەتی نەوتی ئیستان ئۆیل تاوانبار کرد کە بۆ واژۆو کردنی قەراردادێك لەو پرۆژە بەرتیلی داوە بەمهدی هاشمی. بەپێی راپۆرتی هەوالدەری فەرانسە لە ماوەی ٢٤سەعات لێکۆلینەوە لە( کریستۆف دمارژی) و چوار کەس لە کارمەندانی بەرزی پێشووکراوە، یەکێك لەو چوار کەسە کە ناوی ئاشکرا نەکراوە و بە لێکۆلەری راگەیاندوە، کەسیك کە وەك ناوبژی ئەو برەپارەی لە سالی ١٩٩٧و پێش لە ئیمزاکردنی قەرارداد وەرگرتوە ئەویش مهدی هاشمی رەفسەنجانی کوری هاشمی رەفسەنجانی بووە. بەپێی ئەو راپۆرتە، ئەو کەسە دانیشتووی سویسە و خاوەنی حسابی بانکی لە یەکێك لەو بانکانەیە و لیپرسراوانی سویسی لە دوای کردنە ناوی ئەو برە پوولە بۆسەر حیسابی ناوبرا، لەو سەرچاوەمەشکوك بوون و لە دوای لیکۆلینەوەی پێویست، دەرکەوتووە کە ئەو برە پارە لەلایەن شیرکەتی نەوتی توتال چۆتەسەر حیسابی ناو براو. سەرچاوەیەکی نزیك لەو پەروەندەکە بەهەوالدەری فەرانسەی گوتووە کە لە ماوەی لێپرسینەوەی سەرەتایدا، ناوی هاشمی رەفسەنجانی و کورەکەی وەکوو بەرتیل خۆر هاتۆتە بەرباس. ئەو سەرچاوە بلاوی کردۆتەوە کە ٣٠ ملیون یۆرۆ لە کۆی ئەو ٦٠ ملیونە لە ریگەی دوبەیەوە گەیشتۆتە خانەوادەی رەفسەنجانی. جێگای ئاماژە پێکردنە کە ئەو برە پارە لەلایەن هێندێك راپۆرت دەری بەناوبانگەوە بەدەیان ملیون دولار خەملێندراوە.

****

# کۆرت رۆماننووسی ئەمریکی کۆچی دوایی کرد



لەم چەند رۆژەی دوایی کورت فئنجون ی رۆماننووسی ئەمریکی لە تەمەنی ٨٤ سالی لە وەلای ئەمریکا کۆچی دوایی کرد، ناوبراو لە سالانی ئەستەکان و حەفتاکان قوتابیان وەك نموونە و پێشەنگی خۆیان سەیریان دەکرد، ئەویش بۆ ئەو کارە ئەدەبیانەی کە بنەمای رۆشنبیری جەنگ و رەگەز پەرەستی لە خۆ گرتبوو. ناوبراو جگە لە نووسینی رۆمان رۆمان چەند کورتە چیرۆك و شانۆگەری و وتاری رەخنەیی لە ماوەی تەمەنیدا نووسیویە، بە پێی ئەو هەواڵەی لە رۆژنامەی دار الحەیات لە هەواڵێکدا بلاوکرایەوە.

فێنجۆت لە ١١ی نۆفێمبەری ١٩٢٢ لە ئندیانبولیس لە ئندیانا لە دایکبووە، وەك رۆماننووسێکی ئەمریکی ناسراوە کە رۆمانەکانی بابەتی گاڵتەجاری و کۆمیدیای رەشی لە خۆگرتبوو، لەوانەش بیشکەی پشیلە ١٩٦٣ و رۆمانی جێشتی پالەوانان.

***